

# بایۆگرافیای
## د. عەبدوڵڵا پەشێو

- ساڵی 1947 لە گوندی «بێرکۆت»ی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایکبووەو هەر لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواوکردووە.

-خوێندنی ناوەندیی و دوا ناوەندی لە هەولێر تەواوکردووە.

-یەکەم شیعری خۆی لە سەرەتای ساڵی 1961 نووسیوە.

- ساڵی 1963ش یەکەم شیعری لە هەفتەنامەی هەولێر بڵاوکردۆتەوە.

-ساڵی 1963 پێوەندی بە یەکێتیی قوتابیانەوە کردوە.

- ساڵی 1967 یەکەم دیوانی خۆی لەژێر ناوی « فرمێسك و زام «دا لە کەرکوک بڵاوکردەوە.

-لە ساڵی 1968 دیوانی « بتی شکاو «ی بڵاوکردەوە.

لە ساڵی 1970 لە گوندی ( کەنداڵ ) وەك مامۆستا دادەمەزرێت.

- ساڵی 1970 بووەتە ئەندامی یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی نوسەرانی کورد کە لە بەغدا سازدرا.

-لە ساڵی 1972دا دیوانی « شەونامەی شاعیرێکی تینوو»، کە بڵاوکرایەوە، لە هەمان ساڵدا بە شیعرە بەناوبانگەکەی «12 وانە بۆ منداڵان» بەشداریی لە یەکەم ڤیستیڤاڵی شیعری کوردیدا کردووە لە شاری کەرکوک.

لە ساڵی 1973 وازی لە ژیانی حیزبایەتی هێناوە و دەستی لە کارکێشاوەتەوە.

- لە ساڵی 1973دا وڵاتی بەجێهێشت و روویکردە یەکێتیی سۆڤیەت.

د. لوقمان ڕەئوف



-له ساڵی 1974 بەمەبەستی فێربوونی زمان، له پەیمانگای «مۆریس تۆریس بۆ وەرگێڕان» له مۆسکۆ دەستی بە خوێندن کرد.

-له ساڵی 1979 بڕوانامەی ماستەری له وەرگێڕانی (ئینگلیزی-رووسی)دا بەدەستهێناوە.

- له ساڵی 1979 له بەرلین و به تیراژێکی زۆر کەم دیوانی «وانەکان بۆ منداڵان و شیعره قەدەغەکراوەکان»ی بڵاوکردەوە.

-له ساڵی1980 له بەغدا دیوانی «هەموو شەوێک خەونتان پێوەدەبینم» کۆکراوەی شیعرەکانی پیشوی بڵاوکردەوە.

- لەساڵی 1983 له پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی سەر بە ئەکادیمیای سۆڤیەتی بڕوانامەی دکتۆرای له ئەدەبی کوردیدا دەربارەی پیرەمێردی شاعیر بەدەستهێناوە.

- پاشان روویکردە زانکۆی تەرابلوسی لیبیا و وەک مامۆستای ئەدەبی بەراوردکاریی دەستبەکاربووە.

- لەساڵانی ١٩٨٥ تا ١٩٩٠ له زانکۆی ئەلفاتیح له لیبیا مامۆستا بووە.

- له ساڵی 1991 گەڕاوتەوە مۆسکۆ، بەڵام هەرزوو خۆی و خێزانەکەی روویانکردە فینلاند و له ساڵی 1995ەوە لەو وڵاتە نیشتەجێن.

- له ساڵی 1994 دیوانی براکوژی، له هەولێر بڵاوکردەوە.

- لەساڵی ٢٠٠٠دیوانی (بروسکه چاندن (١٩٨٠-١٩٨٨)، ) چاپی یەکەم له سوید بڵاوکردەوە.

- لەساڵی ٢٠٠١ دیوانی (بەرەو زەردەپەڕ (١٩٨٩-٢٠٠١)، چاپی یەکەم لەسوید بڵاوکردەوە.

- لەساڵی ٢٠٠٦ دیوانی (پرێسکەی عاشقێکی زگماک)، چاپی یەکەم لەکوردستان بڵاوکردەوە

- بەرهەمی چەندین نوسەر و شاعیری گەورەی جیهان وەک واڵت ویتمەن و پوشکین ....کردووە بە کوردی.

- له چەندین کۆڕ و ڤیستڤاڵ و له شارەکانی ( کەرکوک ، هەولێر ،سلێمانی ، کۆیە، گەرمیان) شیعری خوێندووەتەوە ، یەکێك له دیارترترین کۆمەڵە شیعری لەو سەردەمانەدا ( دوانزه وانه بۆ منالان)بووە، که له ڤیستڤاڵ یەکەمی شیعری کوردی له رۆژانی ( 22 – -23 ئاداری 1972) له شاری کەرکوك پێشکەشیکردبوون .

- تائێستا چەندین کۆڕی شیعری له کوردستان و دەرەوەدا سازکردووە.